# فرمێسکی خۆر!

**پەخشانە شیعرێک، بۆ کاک فوئادی مستەفاسوڵتانی**

**نووسینی: ئەحمەد بەهرامی**

**گەلاوێژی ١٣٨٦**

ئێوارێیە،

نیگام بەرەوی چیای بابۆز دەسورێم،
بەخۆم نازانم نیگام لە تیشکی دەمەو
ئێوارێ هەڵدەنگوێت،
سەیری دووردەکەم خۆر وەک تابڵۆیەکی
سووری نیگار کراو،
وەک وێنەی سەنگەر و هەڵمەت،
وەک وێنەی ئازادی و ڕاوەستان،
بەسەر ئاسۆ و کەلی "هەیبەتە"وە
راوەستاوە.

چما گوندەکەی"بەسام" ئەوها تێکچرژاوە؟

تۆزی کەسەری پێوەربووە؟
دەزانم، شۆڕەسواری شۆڕش،
لەو دۆڵەدا پێکراوە!
بۆیە ئاسمانیش دەڵێی شکۆفەی هەنارە،
خەندەی خۆر خۆی لێبووادروە!

ئێوارێیە، خۆر بێ کەیفە،
مات مات دەڕوانێتە زەوی.

ئێوارێیە، خۆر نابزوێ،
زەویش لە حەجمین کەوتووە!
هەردووک لە سووچێک ڕاماون،
لە سەنگەرێک،
دەشریخێنێ بەڕووی کوندەبووان.

ئێوارێیە، خۆر زۆر کزە،
گرمۆڵەیە و هەڵکوڕماوە
دڵۆپ دڵۆپ ئەسرینی گەش،
قەفەسی چاو جێ ناهێڵێ.
***
زەوی سەری هەڵبڕی و بە خۆری گوت:
دەترسم ببزووم و تۆش بڕۆی؟
ئەوجار دێوەزمەی تاریکایی،

ڕەشانگی خۆی بە سەنگەری چۆڵ و کپدا
دەپڕژێنێ!
ئیدی تا هەتایە، مەلەکانی ئەم
مەڵبەندەش
لێم دەتۆرێن.

****

ئێوارێیە، ئاسمان تاساوە و کڕو کاس؟
دەنگی مەلە ئاسنینەکان بوونە
شمشاڵی شوانی ئەم ناوە.

لەپڕ تفەنگێک گوتی:
خۆر تۆ مەڕۆ
پرشەنگی بزەت بێنە،
مەڕۆ و تۆش شاهیدبە.

ئێوارێیە خۆر لەگەڵ دوندەکان دەدوێ،
شانی کێوێکی لە ئامێزگرتوە،
فرمێسکەکانی دەوەرینە سەر پرژی
دارەبەنەکان.
ئێوارێیە، فڕک و هووڕی فڕۆکەیە،
دێن و دەچن!

بۆنی باڕوت و هەنگاوی نامۆ لە سەر
کۆڵی عەرزی داگیر کراو!.

****

"گوندەکەی بەسام" دەزانی نۆی مانگ، کوردستان
چ ڕازێکی لای تۆ دانا بوو؟

ئێوارێیەکی حەپەساو! ئاسمانێکی
قۆرخکراو بە پەلەوەری ئاسنین؟
مانگێکی شووم، دالاشی جەماران!
هاتنە سەر جەستەی زیندووی کورد؟
ئیترلەم ساتەدا
خۆر مەتەرێزی ماچ کردو تێری
لەئامێزگرت.
ئینجا زەوی و خۆر بەجووتە، قەڵەموو تفەنگیان
بەئەستێرەکانی بەرەو دەم کەل سپارد.
هەموو لەدەوری کۆبوونەوە،
خاکیان ماچ کردو
لەسەر بەردیان نووسی،

بەرەنگاری.

****

ئێوارێیە ئەسرینی خۆر
ئامێزی لەزەوی داوە.
ڕواڵەتی ئاسمان کاڵتر دەنوێنێ و
خونچەی خەندەی لێوی لەعەزرەتا،
پەڕەکانی هەڵوەراندووە!

ئێوارێیە، تەنیا خۆر و تاقە تفەنگێک،
لەگەڵ چەند دەراغی بەتاڵەوە بوودا،
پەیمانیانداو ڕاوەستان.

باڵایەکی بەرزو بەهەیبەت،
ناو شان بە ئارەقەی فیشەکدان
نیشانە دراو,
لێرە فەرمانی شۆڕشی داوە.
.

ئێوارێیە، سەنگەر ئامێزی خۆی کردەوە،
دوور دوور لە هاوڕێیانی.

"بەسام" باڵایەکی خەملێو، لە کلّی شۆڕشدا،
تەنیا و لە ژێر توێی جامانەکەیدا!
ئەوەتا لێرە "گوندەکەی بەسام" لەبەر ماڵی
تۆدا!!
شێی گەلاوێژ بۆتە گوڵاوی هەناسە و
هاوڕێ.
ئێوارێیە سەنگەر سەر حیسابی خۆی
بووەوە!
دوژمن دایەقاقا و کوردیش گوتی نا.

خۆرو سەنگەر،
خۆرو زەوی،
خۆر و قەڵەم،
منداڵانی زەحمەتکێشان بە کۆمەڵ ئامێزیان
لێکدا و
تاریکایی خۆی بۆ نەگیرا.
شەونم بووە بانگەواز و
خوێن بووە گەردەلول،
فوئادیش بووە ڕەمزی بەرخۆدان.

***

تۆ شنە بای دەربەندی،
کێوان لە ئامێزت دەگرن،
نەغمەی ناو بەندیخانە و شێعری
پێشمەرگەی،
سەرچاوەی ڕازی.

تۆ دەزانی ئێستا کاروانەکەت،
وەرەقە تۆزگرتووەکان هەڵدەدەنەوە!
فوو لە گەردو غوباری نسکۆیەک دەکەن،
پاڵ بە قەڵەمی چەموشەوە دەنێن.
شۆڕشە و زایەڵەی گەلێکی هەژارە،
بەرز بەرز دەفڕێ.
داخەکەم کاروانت لێک دابڕاوە !؟
پرینگ پرینگ!!
لەئاستی یەکدا مرچ و مۆن،
نامۆ بوون بەیەک؟

*****

وا ئەمڕۆکە بودەڵە بوونە ژێی کەوان و
تیر بە مێژووە دەنێن!

سەیرە، سەیر!
مێژوو خۆ تۆ دەزانی؟
ئەوانە دەستەمۆی سەردەمن،
دایم چینەکەری ناو کۆتەڵن،
تازە بەتازە؟!
بۆ خۆ دزینەوە،
هەڵتداوێرن و لۆمەت دەکەن؟
سەیرە یەگجار سەیر!!

***

ئێوارێیە ئاسمان کاڵ دەنوێنێ،
دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە سەنگەرێکی
تەنیادا! بۆوە هەڵمی شۆڕش،
بووە چەخماخەی هەور و
لێزمە باران بۆ زەوی.

ئەو خاکەی تۆ لە ئامێزیدا،
ئارام چاوەکانت تیا لێك ناوە،
بە پەنجەی بەستەکانت، دەکاتەوە بە
ئاهەنگی مۆسیقا،
دەبنەوە سروودی مارش و دێنەوە سەر
سەکۆی تەماشا.

ناوی تۆ هەستانەوەیە، ڕاسانی دوای
هەرەسە،
ڕچەی بەرەو ترۆپکە.

گەورەم هەستەوە ڕێچکەی هەنگاوەکانت،
سەرچاوەی بیرت، سەرهەڵدانی نوێیە،
ناوت هێمایە.
وێنەت، دوانت، داهێنانت،
پاشەکەوتی توێشەبەرەی کۆڵت،
ڕەشیشەی سەر هەڵدانەوەیە،
سەوزەڵانی دوای خەزانە.
هەستەوە تۆ;
هێزی بزوێنەری ڕەنجدەرانی ،
فرمێسک و بەستەی هەژارانی،
زنە و کانی ؛
ئاوەدانی وڵاتێکی دێمەکاری،
ڕابەر و ڕێ، نیشاندەری،
هێز و هێمای سەر کەوتنی
تۆ.